The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
Chak_org@yahoo.com

# ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدی گەلی کورد – چاک

## پرۆگرام

§ 1

### ناو :

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و ژینۆسایدی گەلی کورد – چاک.

ناوی (ناوەندی چاک) بەکار دەهێنرێت.

2§

### پێناسە:

چاک، ڕێکخراوێکی جەماوەریی سەربەخۆیە، پەیڕەوی بۆچوونی هیچ پارتێکی ڕامیاری، هەروەها هیچ ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت ناکات. بە پرەنسیپی دیموکراسی بڕیار و کاروبارەکانی دەردەکات و ئەنجام دەدات.

The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
Chak_org@yahoo.com

---

3§

## ئامانجەکانی چاک :

1– ئاشکراکردنی چارەنووسی ئەنفال کراو و بێ سەروشوێن کراوەکان.

2– قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو زیانە ئابووری و کۆمەڵایەتیانەی کە لە ئەنجامی ژینۆسایدەوە تووشی گەلی کوردستان هاتوون.

3– چاک پشتگیریی لە کەمینەکانی کوردستان کە لە ئاکامی ژینۆسایدەوە بوون بە قوربانی، دەکات.

4– خەبات دەکەین بۆ ڕێگرتن لە پرۆسەی سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و گۆڕینی دیموگرافیای کوردستان.

5– دامەزراندنی تریبیونالێکی نێودەوڵەتی تایبەت بە تاوانکاری ژینۆساید و تاوانکاری دژ بەمرۆڤایەتی بۆ دادگاییکردنی ئەنجامدەران، نەخشەڕێژەران، بەشداریکەران و هاوکاریکەران بە پێویست دەزانین.

6– بەدادگایی گەیاندنی بێ جیاوازی هەموو ئەو تاوانبارانەی بەشداریان لە ئەنجامدانی تاوانی ژینۆساید دژ بە گەلی کورد کردووە.

7– بەرزکردنەوەی سکاڵای یاسایی دژ بەو کۆمپانیا و لایەنەنانەی کە هاوکاری ڕژێمی ئێراقیان لە فرۆشتن و پەرەپێدانی چەکی کیمیایی و کۆمەڵکوژی کردووە.

8– هەوڵدان بۆ دیاریکردنی ڕۆژی 3/16 وەک ڕۆژی جیهانی دژ بە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی.

9– هەوڵدان بۆ دیاریکردنی ڕۆژی 4/14 بە ڕۆژی ئەنفال. ئەو ڕۆژەش بکرێتە پشووی فەرمی.

The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
Chak_org@yahoo.com

---

10– یادکردنەوە و کارکردن بۆ دانانی رۆژی 9/2 (ڕۆژی تاوانی قارنە و قەڵاتان) بە ڕۆژی ژینۆسایدی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا.

11– یادکردنەوە و کارکردن بۆ دانانی رۆژی 13–11( ڕۆژی کارەساتی عامودا) بە ڕۆژی ماتەمینی گشتی لە ڕۆژئاوای کوردستان.

12– داوای لێبووردن لە گەلی کورد:

- سەبارەت بە ژینۆسایدی گەلی کورد لە باشوور، دەبێ حکومەتی ئێراق بە فەرمی داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکات.
- فشار خستنە سەر ئەو وڵاتانەی کە هاوکار، هاوبەش و بەشداری پرۆسەی ژینۆسایدکردنی گەلی کورد بوون، دەبێت بە فەرمی داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکەن.
- سەبارەت بە ژینۆساید و کۆمەڵکوژیەکانی دیکەی کوردستان، دەبێ حکومەتە پەیوەستدارەکان داوای لێبووردن لە گەلی کورد بکەن.

13– ناوەندی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە:

- کارکردن بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی ئەکادیمی و زانستی سەبارەت بە ژینۆسایدی گەلی کورد.
- کارکردن لەگەڵ ئەو ڕێکخراو و ناوەندانەی کە لە ئامانجدا هاوشێوەی چاکن، ئەوەش بۆ دامەزراندنی ناوەندێکی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە لەبارەی ژینۆسایدی گەلی کورد لەدەرەوەی کوردستاندا.

14– سەبارەت بە گۆڕەبەکۆمەڵەکان:

- دروستکردنی تیمی شارەزا بۆ گەڕان، دۆزینەوە و پشکنینی گۆڕەبەکۆمەڵەکان.
- پەلەکردن لە هێنانەوەی پاشماوەی تەرمی قوربانیان بۆ زێدی خۆیان، کوردستان. ئەوەش دوای ئەوەی لێکۆڵینەوەی پێویست لەسەر شوێن و پاشماوەکان کرا و پێداویستیەکان جێبەجێکران.

---

15– ناساندنی ئەو تاوانکاریانەی کە بەرانبەر بە گەلی کورد ئەنجام دراون، وەک تاوانی ژینۆساید، لەنێو کۆمەڵگەی نێونەتەوەییدا.

16– هەوڵ بدرێت هەموو تاوانکاریە کۆمەڵکوژیەکان ببردرێنە بواری پەروەردەیی و خوێندنەوە.

17– هیچ دەسەڵات و لایەنێکی کوردی، بێ گەڕانەوە بۆ دادگایەکی سەربەخۆ، مافی ئەوەی نییە بڕیاری لێبوردن بۆ تاوانباران دەربکات. هەر لێبوردنێک لەدەرەوەی دادگا دەرکرابێت و ئەو تاوانبارانەی گرتبێتەوە، بە نایاسایی دەناسین.

18– داکۆکیکردن لە داخوازییەکانی کەسوکاری قوربانیان بۆ:

- باشکردنی باری ژیانیان لەلایەنی شوێنی ژیان، خانوو و پێداویستیە سەرەتایی و گرنگەکانی ژیان.
- هەڵسان بە چارەسەرکردنی قوربانیەکانی ژینۆساید، هەروەها نەوەکانی دوای ژینۆساید کە بەهۆی پاشماوەی ژاری کیمیاوی و کۆمەڵکوژیەوە تەندروستیان ناتەواوە و ئازار دەچێژن.
- یارمەتی کۆمەڵایەتی بۆ هەزاران مرۆڤی قوربانی ژینۆساید(بەتایبەتی هەزاران بێوەژن و گەورە کچ) کە بە کێشەی کۆمەڵایەتیەوە دەناڵێنن و نامۆیانە ژیان بەسەر دەبەن. چارەسەری کێشەی کۆمەڵایەتی ئەو قوربانیانە بکرێت، ڕێزیان بگیرێت و هەوڵبدرێت بگەڕێندرێنەوە ناو ژیانی ئاسایی کۆمەڵگە.
- یارمەتی منداڵانی خێزانە بەرکەوتووەکان لە بواری خوێندن، پەروەردە و پێداویستیەکانی ڕۆژانەیان تا ئەو کاتەی لەخەم دەردەچن.

پێویستە دەسەڵاتی کوردی بەو ئەرکانە ی سەرەوە هەڵبستێت.

19– چاک دژ بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤە لە کوردستاندا.

20– چاک خەبات دەکات بۆ جێبەجێکردنی سەرجەم خاڵ و بڕگە ڕاگەیەنراوەکانی جاڕی مافی گەردوونی مرۆڤ، کە لە ڕێکەوتی 10–12–1948 دا لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوە.

The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
Chak_org@yahoo.com

---

21- چاک پشتگیری خاڵ و برگەکانی جاڕی ڕێکەوتننامەی ژینۆساید کە لە 1948-09-09 دا لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە مۆرکراوە، دەکات.

22- چاک کۆمەڵکوژی بەهەزارانی خەڵکی بێدەسەڵات و سڤیل، لەلایەن هەر دەسەڵاتێکەوە ئەنجام درابێت یا بدرێت، بە ژینۆساید دادەنێت.

23- چاک پشتگیری خەباتی هەموو ئەو هەوڵە جیهانیانە دەکات، کە بۆ قەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژی، بڵاوبونەوەی چەکی ناوکی، بەکارهێنانی مین، سزای کوشتن ( اعدام- هةلواسين)، ئەشکەنجەی زیندانیان یا خەڵکی سڤیل تێدەکۆشن.

24- چاک پشتگیری لە تێکۆشانی هەموو ئەو ڕێکخراو و ناوەندانە دەکات، کە دژ بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، نانەوەی جەنگ، بوونی کۆیلەداری , هەروەها بۆ ئاشتی تێدەکۆشن. چاک خۆی بە بەشێک لە هەوڵەکانیان دەزانێت.

25- بێسەروشوێنکردنی مرۆڤ لەژێرناوی هەر تاوانێک بێت، کارێکی دژ بە مرۆڤە و نامرۆڤانەیە. پێویستە چارەنووسی هەموو مرۆڤە بێسەروشوێنکراوەکان لە کوردستاندا ئاشکرا بکرێن.

26- چارەسەری گونجاو بۆ دووبارەنەبوونەوەی ژینۆسایدکردنی گەلی کورد، دیاریکردنی مافی چارەنووسی گەلی کوردە لە ڕێگەی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە. سەربەخۆیی کوردستان و بوونی مافی سەروەری وەک هەر وڵاتێکی سەربەخۆ، باشترین ڕێگایە بۆ بەرگرتن لە ژینۆسایدی دیکە.

27- پێویستە مۆنومێنتێک بۆ ئەو تاوانبارانە بکرێتەوە کە لە ژینۆسایدکردنی گەلی کوردا بەشداربوون. ناوەکانیان لەسەر مۆنومێنتەکەدا هەڵکەندرێت، بۆ ئەوەی لە بیری خەڵکی کوردستاندا، ناوەکانیان بە زیندویی بمێنێتەوە.

The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
Chak_org@yahoo.com

---

4§

## چاک هەوڵ دەدات ئەم ئامانجانە وەدی بهێنێت لە ڕێگەی:

1- بەجیهان ناساندنی تاوانکاری ژینۆسایدی گەلی کورد، بە سازدان و بەشداریکردن لە کۆنفرانس، سیمینار، خۆپیشاندان، پێشانگەی هونەری و کۆبوونەوەی تایبەت بەو مەبەستە لە ئاستی جیهان و کوردستاندا.

2– هەوڵدان بۆ بەدەکومێنتکردنی ئەو تاوانانە لە ڕێگەی کۆکردنەوەی بەڵگەنامە و فیلمی دەکومێنتیدا.

3– هەوڵدان بۆ دانانی چەند سیمبۆلێک بۆ بە زیندوو ڕاگرتنی یادی قوربانیانی ژینۆسایدی گەلی کورد لە کوردستان و جیهاندا.

4– هەوڵدان بۆ پێوەندیکردنی بەردەوام بە میدیا جیهانیەکان، بە مەبەستی کۆکردنەوەی سەرنجی جیهان لەسەر ژینۆسایدی گەلی کورد.

5– ئەنجامدانی کاری یاسایی لە ڕێگەی دابینکردنی پارێزەرانەوە.

6– پەیوەندیکردن بە ڕێکخراو، پارت، پەرلەمان، حکومەت و کەسایەتی دەسەڵاتدار لە وڵاتاندا، بۆ پشتگیری لە داواکاریەکانمان.

**تەواو**